# ئادابی نوسین له ئەنتەرنێت

[ به كوردی ]

آداب الكتابة في الانترنت
[ باللغة الكوردية ]

نوسینی : پشتیوان سابیر عزیز
الكاتب : بشتيوان صابر عزيز

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەی ( رەبوەی ) هەرەوەزیی بۆ بانگەواز و وشیارکردنەوەی ڕەوەندەکان لە شاری ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# ئادابی نوسین له ئەنتەرنێت

پێغەمبەران ( علیهم السلام ) هاتوون بۆ ئەوەی ئامۆژگاری نەتوەکانیان بکەن، بۆ نموونەپێغەمبەری خوا نوح علیه السلام، دەفەرموێت بەنەتەوەکەی: { وأنصح لكم وأعلم من الله ما لا تعلمون } سورة الأعراف: 62 . هەروەها پێغەمبەری خوا هود علیه السلام دەفەرموێت:{ وأنا لكم ناصح أمين} سورة الأعراف: 68 . ، وەپێغەمبەری خوا صالح علیه السلام بەنەتەوەکەی دەفەرموێت : (يا قوم لقد أبلغتكم رسالة ربي ونصحت لكم ولكن لا تحبون الناصحين } سورة الأعراف: 79 . وەپێغەمبەری خوا شعيب علیه السلام دەفەرموێت: { لقد أبلغتكم رسالات ربي ونصحت لكم } سورة الأعراف: 93 .

ئەم پێغەمبەرانە علیهم السلام ئامۆژگاری نەتەوەکانیان کردووەبۆ بەندایەتی کردنی خوای گەورەو واز هێنان لەبت پەرستی و هاوبەش پەیدا نەکردن بۆ خوای گەورە، هەروەها پێغەمبەری خۆمان محمد ، ئامۆژگاری ئومەتەکەی کردوە بەباشترین شێوە، ورێنمویی کردون بۆ بەدەسهێنانی خۆشی دونیاو دوارۆژ، وەلەفەرمودەیەکدا دەفەرموێت:(( الدين النصيحة قلنا : لمن ؟ قال : لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين وعامتهم )) موسلیم ریوایەتی کردوە .

بەڵی ئازیزان: ئاینی پیرۆزی ئیسلام بریتیە لە ئامۆژگاری، بۆیە موسڵمان پێویستە لەسەری ئامۆژگاری پێشکەش بەخۆی و کۆمەڵگەکەی و خێزانەکەی بکات، وەئامۆژگاری کردن زۆر گرنگە لەشەریعەتی ئیسلامدا، وەهەموو کەسێك لەخاوەن دەسەڵات و بێ دەسەڵات، وەگەورەو بچوك، یان هەژار و دەوڵەمەند پێویستی پێیەتی.

وەئێمەی موسڵمانان بەتایبەت لەم سەردەمە زیاتر پێویستیمان پێەتی، چونکە ئەمرۆ لەباردۆخێکی پر لەسستی و ناکۆکی و دوو بەرەکی دەژیین و دوژمنانی ئیسلامیش بەهەموو شێوەیەك لەهەوڵی ئەوەدان دڵ و وڵاتی موسڵمانان داگیر بکەن.

بۆیە زۆر پێویستە ئەمرۆ موسڵمانان دەقەکانی قورئان و سوننەت جێبەجێ بکەن و بیکەن بە بەرنامەی ژیانی خۆیان تا خوای گەورە سەرکەوتنیان پێ ببەخشێت، بەڵام بەداخەوە موسڵمانان بەتەواوەتی بەرنامەی خوای گەورە جێبەجێ ناکەن، بەڵکو سەرپێچیش دەکەن، وەیەکێك لەو سەرپێچیانەی کەمن ئەمەوێ باسی بکەم بریتیە لەپابەند نەبوونی هەندێ کەس بەڕەوشتی ئیسلامی لەکاتی پێشکەش کردنی ئامۆژگاری لەڕێگەی نوسینەوە .

بۆیە پێم خۆشە ئەم بابەتە دابەش بکەمە سەر دوو تەوەر:

یەکەم: تایبەتەبەهەموو ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت بابەت بنوسن لەسایتەکانی ئەنتەرنێت بەمەبەستی ئامۆژگاری کردنی ( موسڵمانان ـ لایەنەئیسلامیەکان ـ کۆمەڵگەی ئیسلامی ) .

دووەم: تایبەتە بەسایتە ئیسلامیەکان.

بەنسبەت تەوەری یەکەمەوە:

بەڕێزان: بۆ ماوەیەکەبابەتی جۆراو جۆر دەخوێنمەوە لەسایتەکوردیە ئیسلامیەکان بەتایبەت لەسایتی ئیسلام پەیەك، وەئەوەی سەرنجی منی ڕاکێشا بێت لەو بابەتانە، نوسینی هەندێ کەسە، وا خۆی پیشان دەدات کە ئەیەوێ لەڕێگەی نوسینەوە ئامۆژگاری کەسایەتی ئیسلامی یان لایەنێکی ئیسلامی بکات، وەکو دەنوسێت: نامەیەکی کراوەبۆ فڵان کەس ... یان نامەیەکی کراوەبۆ فڵان لایەنی ئیسلامی... یان نامەیەکی کراوەبۆ فڵان مامۆستای ئاینی ... بەڵام تەماشای نوسینەکەی بکەیت زۆر دوورە لەڕەوشتی ئامۆژگاری و ڕەوشتی نوسینەوە، چونکەبریەتیەلە هەتك کردن و ئاشکرا کردنی عەیبەکان و ...هتد، وەبێ گومان ئەم جۆرە نوسینانە دەبێتە مایەی چەند شتێك، لەوانە:

یەکەم: تووش بوونی تاوان بۆ نوسەر...

دووەم:بێ تاقەت بوونی موسڵمانان...

سییەم: زیاد بوونی دوو بەرەکی لەنێوان موسڵمانان...

چوارەم: پێخۆشحاڵ بوونی مونافیقەکان...

پێنجەم:دوژمانی ئیسلام سوودی لێوەردەگرن و پاشان بەکاری دێنن بۆ دژایەتی کردنی موسڵمانان ..

خۆشەویستان: ئەو جۆرە نوسینانە بە بۆچونی من یان موسڵمانێکی دڵسۆز دەینوسێت، یان مونافیق و دوژمنی ئیسلام و موسڵمانان دەینوسێت..

ئەگەر یەکەمیان بوو، ئەوەئەو جۆرەنوسینانە هەڵەو تاوانە؛ لەبەر ئەوەی بەو شێوەیە ئامۆژگاری ناکرێت، هەروەها

لەبەڕژەوەندی موسڵماناندا نیە..چونکە ئەمڕۆ موسڵمانان پێویستیان بەیەك ڕیزی و تەبایی و خۆشەویستی هەیە... هەروەها بەپێچەوانەی عەقیدەی ( دۆستایەتی و دژایەتیە ـ الولاء والبراء )...

وەئەگەر دووەمیان بوو ئەوەبێ گومان دەیەوێت عەیبی موسڵمانان دەرهێنێت و دوو بەرەکی بخاتەنێوان موسڵمانانەوە و ئاگری شەر و ئاژاوە دروست بکات...

وەئامۆژگاریم بۆ ئەو کەسانەی کەبابەت دەنوسن بەنیازی ئامۆژگاری با ڕەچاوی ئەم ڕەوشتانەبکەن:

یەکەم: نیاز پاکی ( الإخلاص ) لەنوسیدا...

دوەم: نەرم و نیانی ( اللين ) و دوور کەوتنەوەلەقسەی ڕەق و بێ تام...

سیەم: ئەزێت نەدانی موسڵمانان بەدەرخستنی عەیبەکانیان .. .

چوارەم: دوور کەوتنەوەلەنوسینی هەواڵی درۆ ...

پێنجەم: هێرش نەکردن بەسەر زانیانی ئیسلام و کەسایەتیەئیسلامیەکان...

شەشەم: دوور کەوتنەوەلە گۆرینەوەی توهەمەتی یەکتر...

ڕەحمەتی خوا لەئیمام شافعی بێت کەئەفەرموێت :

تغمدني بنصحك في انفرادي *** وجنبني النصيحة في الجماعة

فإن النصـح بين النـاس نـوع *** من التوبيخ لا أرضى استمـاعه

فإن خالفتني وعصيت قولي *** فلا تجـزع إذا لـم تلـق طاعـــه

وەبەنسبەت تەوەری دووەمەوە:

پێم خۆشە سایتە ئیسلامیەکان ئاگادار بن لەبڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە بابەتانە، چونکە دەبێت ئەو سایتانە لە خزمەتی ئیسلام و موسڵمانان بن و مەبەستیان بڵاو کردنەوەی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بێت و ببێتە مینبەرێك بۆ بەرگری کردن لەموقەدەساتی ئیسلام نەك بەپێچەوانەوە، بەڵام بەداخەوە ئەمرۆ لەژێر ناونیشانی ئازادیدا ، ئەو جۆرە نوسینانە بڵاو ئەکرێتەوە لەهەندێ لەسایتە ئیسلامیەکان، وەبێ گومان ئەم کارە وەکو باسمان کرد لەسەرەوە کارێکی ناشەرعیەو تاوانە،بۆیە نابێت ئەو سایتانە بەشداربن لە بڵاوکردنەوەی ئەو تاوانە، هەروەها ئەو جۆرە نوسینانە بەپێچەوانەی ئامەنجە زەروریەکانی شەریعەتی ئیسلامن، کەپێیان دەوترێت ( الضروريات الخمس)، کەبریتین لەپارێزگاری کردن لە( دین و نەفس و سەروەت و سامان ـ مال ـ و عەقل و عرض )...

وەپێم خۆشە سایتە ئیسلامیەکان چەند مەرجێك دانێن بۆ بڵاوکردنەوەی هەر بابەتێك کەپەیوەندی بەئیسلام و موسڵمانانەوە هەیە، هەروەها لەنوسینی کۆمێنتیش.

وەئەوەش بزانن کەبڵاوکردنەوەی ئەو جۆرەبابەت و نوسینانە دەبێتەمایەی لەدەستدانی میسداقیەتی سایتەکە لەلایەن موسڵمانانەوەـ والله اعلم .

لەکۆتاییدا داواکارم لەخوای گەورەلەگوناهی هەموو لایەك خۆش بێت و خۆشەویستی و برایەتی بخاتەنێو موسڵمانانەوە. .

وصلى الله وسلم على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين